# موزیکی شانۆ لەنێوان دانان و هەڵبژاردندا

لە عەرەبییەوە: نایف شێخانی

هەرچەند بۆ هەمیشە موزیک دەچێتە ناوەرۆکی دراماوە، بەڵام هەندێک جاریش لەگەڵی ناگونجێت، جاری واش هەیە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی نمایشی شانۆییدا دەگونجێت، ئەگەر هاتو موزیکەکە بۆ شانۆکە دروست کرابێت لە شێوە و ناوەرۆکدا لەگەڵ گیان و ڕوحی نمایشەکەدا دەگونجێت، بەڵام کاتێک موزیک لەگەڵ نمایشەکە ناگونجێت لە حاڵەتێکی ئاسایی نزیک دەبێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هاتو نیاز لە بەکارهێنانەکە هاوشانی کردنی ئەکتەرەکە بێت بۆ شاردنەوەی ناڕوونی و خۆ بە دوورگرتن لە کەمتەرخەمی. ئەوکات موزیک وەک یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی نمایشی شانۆیی ئەو ڕۆڵەی خۆی نابینێت و هەڵبژاردنەکەی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەبێت، بەپێی بۆچوون و هەست و ئارەزووی ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرێت، بێ گومان ئەو کات لە گەیاندنی مەبەستەکانی دوور دەکەوێتەوە.

هەندێک لە دەرهێنەران جۆرێک لە ئەرک و داخوازی دەخەنە ئەستۆی موزیک کە ئەرکی ئەو نییە، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی دەیکات بە فریادڕەسێکی ئاسان و سووکەڵە بۆ هەڵە و کەوتنەکانی خۆی و گرووپەکەی، کە ڕۆڵ و کاریگەری موزیکی لە شانۆدا لە بیری خۆی بردۆتەوە، یان هەر درکی پێ ناکات.

کە: "هاریکاری دەرهێنەر دەکات بۆ وێنەی ئیقاعی ئەو نمایشەی کە دواتر توانایی و هێزی گێڕانەوە و دەنگدانەوەی ڕاستەقینەی موزیکی ناوەوەی نمایشە شانۆییەکەی پێ دەبەخشێت" «١». ئەوە ئەو کەشوهەوایەیە کە پێک گەیشتن لە ناوەوە دەسلەملانەی یەک و دوو دەبن، وەک هزرێکی نەبینراو وەک دەردو بەڵایەک ڕێ دەکات تا لە ڕوحدا جێگیر دەبێت و لە

گەشەسەندن بەردەوام دەبێت و دواجار تێگەیشتن و زانین لە دڵدا لەدایک دەبن. موزیک لە شانۆدا لە قسەکردنەوە دەست پێ دەکات و لە جووڵە و ئیقاع و ئاواز و میلۆدی دەنگ بەردەوام دەبێت، ئەوەش هەروەک نموونەی سەرهەڵدانەکەی سەرەتای هاتنە کایەوە و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵیدا، بەتایبەتیش یەکەم هونەرمەند و یەکەم مرۆڤ کە سروشتی دواند و لێی فێربوو، خوازیاربوو بە هەموو جۆرە ئامرازەکانی دەنگ و جووڵە و وێنەکێشی مامەڵەی لەگەڵ بکات. ئەوە بوو بە هونەرەکانی شێوەکاری و هەڵکۆڵین و شیعر و گۆرانی و موزیک سوودی لەو جوانییەی وەرگرت، بەرز و نزمی و شاخ و دۆڵ و ڕووبار و ئاژەڵەکان و ئەو دەنگانەی کە باسمان کردن هەموو ئەوانەی دواند. لەوانە و بە هەموو ئەوانە موزیک ناوەرۆکی دروست و ڕاستەقینەی بینینی شانۆیی پێکەوە ناوە، "نمایشی شانۆیی نابێتە نمایشێکی ئیقاعی ئەگەر هاتو موزیکی نەبێت " «٢». لە میانەی قسەکردن، جووڵە، ئیقاع، ئاواز و میلۆدی دەنگ، ڕەنگ، بێدەنگی، وەستان، تاریکی...تاد، لەبەر ئەوەی نمایش بەبێ ئەوە نمایشێکی خراپ و بێ کەڵک دەبێت. هونەری موزیک فێری ئەوەمان دەکات کە چۆن لە سووکە گۆڕانکارییەکی ئیقاعدا ساختەکاری بەرهەم دێت. شێواز و فۆرم لە موزیکدا فێری بە پیشەیی بوونمان دەکات، ناوەرۆکەکەشی فێری سۆز و درک پێکردنمان دەکات لە باری ڕوحییەوە، لە هەردووکیانەوە گوێمان لەوە دەبێت کە ناومان لێ ناوە (کەشوهەوای گشتی)، یان (بە هاوولاتی بوون لە هونەردا) هەروەک توفستونۆکۆف ناوی لێ ناوە، کە دەڵێت " ئەگەر وامان بە خەیاڵدا هات و لای خۆمان هونەری شانۆمان کرد بە ئۆرکێسترایەکی سەمفۆنی، ئەو کات موزیک دەبێت بە ئامێرێک لە ئامێرەکانی نمایشی شانۆیی«٣».

بۆیە پێویستە موزیک لەگەڵ هەموو ئامراز و کەلوپەلە سەرەکی و ناسراوەکانی نمایشی شانۆییدا ببەسترێتەوە لە پێناوی کامڵ بوونی هونەری لە نمایشی شانۆییدا، ئەوەش بەو مانایەی هونەری موزیک لە شانۆدا بەشێکە لە هەموو، ناتوانێت بەبێ توخمەکانی دیکەی شانۆ شتێکی چاک بەدەستەوە بدات، کە وابێت دروست کردنی هارمۆنیا لە کاری ئەداکردن لەگەڵ موزیکدا زۆر پێویست و گرنگە، لەبەر ئەوە هەرکاتێک لە کارێکی شانۆیی پێویست بە موزیک بوو، دەبێت شوێنی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە وەک مایەرهولد بڕوای وایە. لەوەی باس کرا دەردەکەوێت کە موزیک یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان لە هونەری شانۆدا، ئەو هونەرەی لایەنی هەمەجۆر لە خۆدەگرێت، ئێمە لەناو سروشتدا دەژین و بە دەنگی هەمەچەشن و جۆراوجۆر دەور دراوین، هەندێک جوان و شیرین و هەندێک ناشیرین و ناخۆش، لەبەر ئەوەی شانۆ باس لە سروشت دەکات و دەیگێڕێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو دەنگانە هاوەڵی ڕووداوەکان بن و لەگەڵ دیالۆگەکان هاوشان بن و هەستە موزیکییەکە " هاوکاری کارەکتەرەکە دەکات بۆ خستنەڕووی مانا قووڵ و شاراوەکانی بارە کۆمەڵایەتییەکە کە لە بنچینەدا پێوەندی نێوان ڕووداوەکانی ناو شانۆگەرییەکە جوانتر دەکات"«٤».

کە وابێت ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە موزیک کاریگەرییەکی ڕوحی و ئەخلاقی گەورەی بە سەر ژیانمانەوە هەیە؟ ئایا وا لە هەست و سۆزە مرۆییەکانمان دەکات کە چاکتر و بەخشندەتر بن؟ ئەلن دنیۆر دەڵێت: "موزیک ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و درک کردن بەو کاروکردەوانەی فیکر و بیرکردنەوەمان، سەرباری هەستی سۆزداریمان. وەک جۆرێک لە بەیەکەوە گرێدان لە نێوان فیکر و ژمارە "«٥»، ئەو کاریگەرییە لە باری ئەخلاقییەوە هەست و سۆزە مرۆییەکان چاک و چاکتر دەکات. موزیک لە شانۆدا هاوکاری گەیاندنی بیروبۆچوونەکان بۆ بینەران دەکات، بێ گومان بە هاریکاری زمانی گوزارشت و کرداری فیزیکییەوە. ئەوەی لەو کردارەوە بەرهەم دێت لە کاریگەری هەستی و دەروونی بەخشینی کەشوهەوایەکی گشتییە بە سەر نمایشەکە و ئیقاعی دیمەنەکە دیاری دەکەن، هەریەک لە: موزیک و زمانی گوزارشتکاری جەستەیە. دوا بەدوای ئەوە لە ئیقاعی دیمەنەکانی دیکەوە، ئیقاعی کۆی گشتی شانۆگەریەکە دیاری دەکرێت «٦»

یوری زاڤادسکی جەخت لە گرنگی و شوێن پەنجەی دانەری موزیکی شانۆ لە چوارچێوەی کۆمەڵەی شانۆدا دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هاوکاری دەرهێنەر دەکات لە پاڵپشتی و دیاریکردنی وێنەی ئیقاعی نمایشەکە و دواندن و گێڕانەوەی ڕاستودروستی موزیکی ناوەوە، لەبەرئەوەی موزیک فێری ئەوەمان دەکات هەست بەو

شتگەلانە بکەین کە لە شانۆماندا بەشێکن لە ژیان و ژیانی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە. ئەوەی پێی دەڵێین کەشوهەوای گشتی نمایشی شانۆیی. لەبەرئەوەی گرنگی و کاریگەری سەرەکی هەیە بۆ دەستەبەر کردن و پێکەوەنانی کەشوهەوای لەبار و پێویست بۆ نمایشی شانۆیی هەروەک وتمان.لەو ڕێگەیەوە ئەزموونی ڕوحی دەبێتە واقیعێکی هەست پێ کراو، هەروەک چۆن بیرۆکە و ئامانجە گشتی و سەرەکییەکان لە نمایشی شانۆییدا دیاری کراوە، بەهەمان شێوە پێویستە دانانی موزیک لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئامانج و بیرۆکانەدا بێت و لەگەڵ پێکهاتەکانی نمایشی شانۆییدا یەکانگیر بێت، تا بەو ئاستە بەرزەی هونەرێکی خوازراو کامڵ دەکات کە پێویستە بۆ کۆی گشتی نمایشێکی شانۆیی. تا بەوە دەگات دەتوانرێت ئەو موزیکەی کە بۆ شانۆ دانراوە جیای بکەینەوە، تەنانەت دەتوانرێت بەدەر لە بینین و نمایشی شانۆ ببیستین و گوێی لێ بگرین، بە دیاریکراوی لەو تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین ئەو موزیکەی کە بۆ شانۆیەکی دیاریکراو دانراوە، بە هیچ کلۆجێک بۆ شانۆگەرییەکی دیکە ناشێت و ناگونجێت، تەنانەت ئەگەر بێتو لەباری جۆرایەتییەوە لەگەڵیدا گونجاویش بێت، لە بیرۆکە و ئامانجە گشتییەکانیشدا نزیکی یەکتر بوون، بۆیە ئەگەر بێتو ئەو موزیکە بەکاریش بێت بێ گومان هەست بە جیاوازییەکە دەکرێت، ئەگەر زۆر کەمیش بێت، بۆیە شێواز و فۆرمی ئەو موزیکەی کە بۆ نمایشی شانۆ ئامادە دەکرێت لە کاری ژمارەیەک لە دەرهێنەران ڕووبەرێکی بەرفراوان وەردەگرن، کاتێک شێواز و لایەنی هونەری نمایشە شانۆییەکە دیاری دەکەن.

**تێبینی:**

**ئەو بابەتە وەرگێڕدراوە بەشێکە لە نووسینێکی درێژی نووسەر (فاضل خلیل) کە لە ماڵپەڕی (حوار المتمدن) بلاوکراوەتەوە.**
**http://www.ahewar.org/debat/nr.asp**

**سەرچاوەکان:**


**(١) يوري زافادسكي: حديث أمام المؤتمر الاتحادي العام للمخرجين. نشر في مجلة الفن السوفيتي عام ١٩٤٠، ص٢٧٦.**
**(٢) يوري زافادسكي: نفس المصدر السابق.**
**(٣) جورجي توفستونوكوف: حول مهنة المخرج، سلسلة علم وفن، بلغاريا، صوفيا ١٩٧٠ ص٢٨٧.**
**(٤) برتولد بريخت: نظرية المسرح الملحمي، ت: جميل نصيف، منشورات دار الحرية، بغداد ١٩٧٠، ص٢٦٠.**
**(٥) آلن دنيور: القيم الروحية والأخلاقية في الموسيقى، ت: محمد جواد داود، مجلة القيثارة، وزارة الإعلام ١٩٨٩، ص٣٢.**
**(٦) يوري زافادسكي: حديث أمام المؤتمر الاتحادي العام للمخرجين، ص٢٧٧.**